
# ژیننامەی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی




کورد لە نووسینی بیۆگرافی واتە ژیننامەی کەسایەتییە مێژووییەکانی خۆیدا گەلێک کەمتەرخەمە و ئەوەش وایکردووە کە نەیاران لەجیاتی خۆیی ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و بەرژەوەندی شەخسی و ڕاسپاردەی ناحەزانیش تێکەڵ کارەکە بکەن.

کتێبی فارسی *'پس از شصت سال'* ئامادەکردنی ئاغای *'عیرفان قانعی فەرد'* – کوردی مەریوانی، لە ساڵی 1388 (2009) دا لە تاران بڵاو بووەوە. کتێبەکە کۆمەڵەی سەدان چاوپێکەوتن و وتوێژی نووسەرەکەیەتی لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکان (وەک مام جەلال، دوکتۆر کەماڵ فوئاد، دوکتۆر مەحموود عوسمان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، صارم خانی صادق وەزیری) و غەیرەکوردیش (وەک بەنی سەدر، نوام چامسکی، ئەردەشیر زاهیدی، حاج سەیدجەوادی)..... وتێیدا کەڵک لە گەلێک سەرچاوە بە چەندین زمان وەرگیراوە. بەگوێرەی نووسەر، کتێبەکە لە سێ بەرگ پێک هاتووە کە سەرجەم بیرەوەری و ڕووداوی ساڵانی نێوان 1923 و 2005 دەگرنە بەر و ئەوەی وا ئێستا بڵاو کراوەتەوە، تەنیا بەرگی یەکەمیەتی کە کاری نووسینی سێ ساڵی خایاندووە *(لاپەڕە 11 و 12)*.

زمانی نووسینی کتێبەکە زۆر پاراو نییە و مۆرکی کەم ئەزموونیی نووسەری لە نووسینی فارسیدا بەڕوونی پێوە دیارە. جگەلەوەش، بێ دیققەتی و ووردنەبوونەوە لە

بابەت و باسەکانیش دیاردەی بەرچاوی کارەکەیە و من کەمتر کتێبی لەوچەشنەم دیوە ئەوەندەی هەڵە وپەڵەی زەق پێوە دیار بێت، کە زۆرێکیانم لە پەراوێزی کتێبەکە یادداشت کردووە و بەتەمام لە ووتارێکی سەربەخۆدا بڵاویان بکەمەوە.

بابەتەکانی ناو کتێبەکە و هەندێک چاوپێکەوتنی دواتری نووسەر لەگەڵ تەلەفیزیۆن و چاپەمەنییە دەورەییەکان چەشنە کێشە و هەرایەکی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا ناوەتەوەو بەرەو ئەوە دەڕوات مەترسی دووبەرەکی و نێوان ناخۆشی نێوان کورد وکوردی لێ بکەوێتەوە و یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنەرانی کتێبەکەی پێ بەرهەم بێت.

ئەوەی ڕاستی بێت کتێبەکە ژیننامەی تاکەکەس نییە و مێژوویەکی بزووتنەوەی چەکداریی کوردە لە باشوور لە پشت عەینەکێکی تایبەتەوە کە زۆر لە عەینەکی عیسا پەژمان و ساواک دەچێت و دوور نییە ئەگەر خواستی سوپای پاسداران و ئیتیلاعاتی ئێران لە پشت کارەکەوە نەبووبێت، لایکەم سەرجەمی بابەت و بەتایبەت بووچوون و ئاکام وەرگرتنەکانی نووسەر لە ڕاستەی سیاسەتی ئەوان و ڕوانینی ئەواندابێت.

من لەم ووتارەدا کارێکم بەو لایەنانە نەداوە و ئەوەی کە جێگەی باسم بێت بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکانە و هیچیتر.

سەبارەت بە بۆکان لە لاپەڕە 73 دا گوتراوە:

*"تاڵەبانییەکان بنەماڵەیەکی گەورەن... کە هەموویان نەوە ونەتیجەی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانین و ئەویش خۆی کوڕی 'مەحموودی زەنگەنە' یە. گۆڕی باوەگەورەی [جەلال] تاڵەبانی واتە 'ئاغاڕۆستەم' (یا ڕۆستەم خان) کەوتۆتە ناوچەی قەرەداغ. لە سەردەمی خۆیدا لە بۆکان – یەک لە شارەکانی کوردستانی ئێران ژیاوە [بکەری ڕستەکە ڕوون نییە کێیە، ئاغا ڕۆستەم یا شێخ ئەحمەد؟] و لە ئاغا وخاوەن مڵکە گەورەکانی ناوچەکە بووە کە لە سەردەمی حوکماتی شاعەبباسی سەفەی لە دەورەی سەفەوییەکاندا خستوویانەتە بەر گوشار بۆ ئەوەی دەست لە ئایینزای سوننە هەڵبگرێت و ببێتە شیعی، ئەویش ناچار پەنای بردۆتە بەر کوردستانی عیراق و لە ناوچەی قەرەداغ نیشتەجێ بووە."* (ل.73)

وەک گوتم، کەم دیققەتی بە زۆر شوێنی کتێبەکەوە دیارە و یەک لەوانە لەم بەشەدا دەردەکەوێت کە کاتی لە لاپەڕە 73 دا <u>مەحموودی زەنگەنە بە کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی دادەنێت</u> *(سەرەوەتر)*، لە لاپەڕە 74 دا دەنووسێت: *"شێخ ئەحمەد خەریکی ئاوەدان کردنەوەی ئەو گوندە بچووکە بوو و <u>کوڕەکەشی مەلامەحموود</u>، بە دەرس خوێندنەوە خەریک بوو"* واتە شێخ مەحموود جارێک دەکاتە باوکی شێخ ئەحمەد و جارێکی تر دەیکاتە کوڕی! سەیرتر لە هەموان ئەوەیە ڕێزدار دوکتۆر نووری تاڵەبانی لە نامیلکەی

*"شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەو بنەماڵەیە"* چاپی ساڵی 2002 دا، دەنووسێت: *"شێخ مەحموود[ی زەنگەنە] کوری ئاغا رۆستەمی کوری ئاغا یۆسفە لە نەوەی کاکەسووری ناوچەی بۆکان"! و بەم شێوەیە، مەتەڵۆکەی نووسەری ژیننامە کاتێ تێکەڵاوی بۆچوونی دوکتۆر نووری دەبێت، سێ سەری لێ دەبێتەوە کە چارەسەری کۆتایی بۆ خوێنەر لە گونجان نایەت.*

*دوکتۆر نووری لە هەمان شوێندا تاووتوێی کێشەی ناوی ئەوکەسە دەکات کە چۆتە باشووری کوردستان و بۆچوونی خۆی بەم چەشنە دەردەبڕێت: "مەلا مەحموود نزیکەی 300 ساڵێک لەمەوبەر بۆ تەواوکردنی خوێندن، بە فەقێیەتی ڕووی کردۆتە باشووری کوردستان"* (بڕوانە ئاڵقەی 146 ی ئەم زنجیرە ووتارە)؛ ئەوەش بە هەمان شێوە جیاوازە لە قسەکانی نووسەر هەم سەبارەت بە ناوی ئەوکەسەی وا چۆتە باشوور و هەم سەبارەت بە هۆکاری چوونی. لە پەراوێزی ژمارە 163 ی بەشی 1 ی کتێبەکەدا هەروەها گوتراوە: *"ڕۆستەم کوڕی یۆسف، کوڕی کاک سوری بۆکان"*

جگە لەو خاڵانە بابەتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام هەندێک ئاماژە بە بۆکان وناوچەکەی و کەسانی خەڵکی بۆکانیش هەن کە لێرەدا دەست نیشانیان دەکەم:

1. *"دایکی مام جەلال لە هۆزی مەنگوڕە"* (ل. 75)؛

2. پەراوێزی ژمارە 164 ی هەمان بەش دوودێڕ ونیو زانیاری سەبارەت بە ناوچایەتی بۆکان و شارەکانی دەوروبەری گرتۆتەبەر؛

3. *"چاپخانەیەکیش لە نزیک قوتابخانەکە بوو [لە مەهاباد]، کە حەسەنی قزڵجی ووتارنووس لەو چاپخانەیە کاری دەکرد"* (ل. 168)؛

4. لە زمان عیسا پەژمانەوە دەنووسێت: *'درەنگتر ئەوانم لە بۆکان چاو پێکەوت(1966)، مامە وعومەر دەبابە و [نووری] شاوەیس، کە لە سەر سەفەری بەغدا بوون و پێیان گوتم چاویان بە بارزانی دەکەوێت!'* (ل. 899)؛

نووسەر ئەم دێڕانەشی لە زمان مام جەلالەوە گێڕاوەتەوە:

5. "کاتی پەنابردنمان بۆ ئێران [ساڵی 1966]، ...... *ڕۆژی دواتر لە خەو هەستاین و دیتمان سەرهەنگێکی ئێرانی لە تەنیشت ئێمە خەیمەیەکی لێداوە. ناوی سمکۆ عەلیار بوو و گوتی 'دەورتان گیراوە"* (ل. 960)؛

6. *"عیسا پەژمان (سەرهەنگی ساواک و خەڵکی سنە) ئێمەی خۆش دەویست. ئەودەم کوردێکی دیکەش لەلایەن سۆپاوە هەبوو کە ناوی سەرهەنگ سمکۆ عەلیار بوو. ئەوانەیان وەک بەرپرسی ئێمە دیاری کردبوو."* (ل. 963)

سەبارەت بە خۆش ویستنی ئەوان واتە دەفتەری سیاسی پارتی لە لایەن عیسا پەژمانەوە، کە لەخاڵی شەش دا ئاماژەی پێکرا، دەبێ بڵێم مام جەلال ڕاست دەکات. بیرەوەری و یادداشت و کتێبەکانی پەژمان پڕن لە لایەنگریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی جیابووەوە و هێرشکاری بۆ سەر بارزانی، ئەوەش بە ئاشکرا ڕوانگە و ڕێبازی ساواکی شا بوو نەک هی پەژمان بە تەنیا.

لە مامۆستا هەژار دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی عیسا پەژمان گەورەترین جاشی مێژووی کوردە وبە داخەوە لە نووسینەکانی ئاغای قانیعی فەرد دەردەکەوێت کە بە ئاشکرا پێی نابێتە جێ پێی ئەو و بۆچوونەکانی ئەو بە زمانی سیاسەتی ئەمڕۆی ئیتیلاعاتی ئێران دووپات بکاتەوە. پەژمان سەروبەری بزووتنەوەی کورد بە کردەوەی ساواکی ئێران و شەخسی خۆی دەزانێت، لە مامۆستا برایم ئەحمەدەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێ *'دەمزانی چۆنی بۆلای خۆمان ڕابکێشم'* (ل. 630) ئینجا دەگاتە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و تەنانەت دەڵێ مامۆستا زەبیحی *'بوو بە هاوکاری ساواک'* (ل. 631). خۆ ئەگەر ناتوانێ تاوانێکی وا بداتە پاڵ مامۆستا هەژاریش، بۆ شکاندنی کەسایەتییە ناسراوەکەی ئەویش بێت باس لەوە دەکات کە دوابەدوای هەرەسی 75 لەسەر داوخواز و تەئکیدی بارزانی، ئەوی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە بۆ ئێران! (هەمان لاپەڕە).

لەم چەشنە بۆچوون و قسەوباسانە لە کتێبەکانی پەژماندا زۆرن و قانیعی فەرد، بە بێ ئەوەی کەمترین گومان لە ڕاست و دروستییان بکات، هەمووی لەسەر کورد کردوون بە ماڵ و بە جل وبەرگێکی نوێوە دووپاتی کردوونەتەوە و ناوی کورد و بزووتنەوەی کوردی پێ زڕاندوون. من قوتابی نەمر دوکتۆر محەممەد سدیقی موفتی زادە و هاوپۆل و ناسیاو و ئەگەر بتونم بڵێم دۆستی کاک سوارەی ئێلخانی زادە بووم وڕادەی دڵسۆزی و خەمخۆری ئەوانم بەرانبەر بە گەل ونیشتمانەکەیان دەزانی. هێنانەوە و نوێکردنەوەی ئەو بوختان و درۆ ودەلەسەیەی وا پەژمان دەیداتە پاڵ ئەوان و دەڵی بە فەرمانی ساواک چوون بۆ ناو کوردەکانی ئوروپا، دیارە لە بەرژەوەندی ساواکی ئەودەم و ساواما و ئیتیلاعاتی سوپای پاسدارانی ئەمڕۆشدایە، بەلام پرسیار ئەوەیە دەبێ چ سوودێکی بۆ قانیعی فەرد هەبێت وا بەبێ سێ ودوو بەڕاستیان وەریان دەگرێت و لەو ووتووێژەکانیدا دووپاتیان دەکاتەوە هیچ، پاڵ بە خوێنەریشەوە دەنێت کە قسەی ساواکییەکی بەکرێگیراوی ئێرانی گوتەنی 'دایی جان ناپلیۆنی' بە ڕاست وەر بگرێت و پەڵەیەکی شەرمەزاری بەسەر کەسایەتی پاک و خزمەتگوزاری ئەو خەڵکە لەخۆبووردووانەدا بکێشێت.

با لەکۆتاییدا دیاردە بەخاڵێک بکەم: من ماوەیەکی باشی دووساڵە هاتوچۆی *'پۆبلیک ڕیکۆرد ئۆفیس'* م کرد لە ناوچەی *'کیوو'* ی لەندەن کە بەڵگەنامەکانی وەزاڕەتی دەرەوەی بریتانیای لێ ڕاگیراون. ئەودەم ماڵم لە ناوچەی 'فولهام' ی لەندەن بوو کە زۆریش لە 'کیوو' دوور نییە. بە گەڕان ودۆزینەوە وخوێندنەوەی بەڵگەنامەکان لە شوێنەکە و کڕینی کۆپی هەندێکی تر وپێداچوونەوەیان لەماڵەوە، لە هەمووماوەی ئەو دووساڵە دا تەنیا توانیم 130 بەڵگە وەربگێڕمە سەر کوردی و لە کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە *(بڕوانە ئاڵقەی ژمارە 20 ی ئەم زنجیرە ووتارە)*. کاتێ کە ئاغای قانیعی فەرد لە ووتووێژی گۆڤاری لێڤیندا باسی لە خوێندنەوەی هەشت هەزار بەڵگەنامەی ئەمریکاییەکان کردبوو سەرم سووڕما کەسێک لە تەمەنی ئەودا و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە هاتووچۆی ئەمریکای کردووە، تەنانەت بە یارمەتی ئینتەرنێتیش، چۆن دەبێ توانیوبێتی ئەو هەشت هەزار بەڵگەنامەیە بدۆزێتەوە؟ ئەویش تەنیا دۆزینەوەی بەڵگەنامەکان، ئیتر خویندنەوە و تەرجەمە و ووتووێژ و کتێب نووسینیش پێشکەشی باڵای! تۆ بڵێی *'ئیمدادی غەیبی'* لە پشتیەوە نەبووبێت؟

بەهیوای زاڵبوونی مەنتیق و ڕاستی بەسەر گۆڕەپانی توێژینەوەی کورددا.

قانعی فرد، عرفان؛ *"پس از شصت سال – زندگی و خاطرات جلال طالبانی"* ؛ جلد اول؛ نشر علم، تهران1388 [2009]؛ 1056 صفحه؛ فارسی

ISBN: 978-964-224-052-4